



هەڵاڵە فەیسەڵ:

یاریزانی پاسکیلسواری یانەی ئارارات

# حەز دەکەم بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان لە خولە نێودەوڵەتییەکان بەشداری بکەم



**یانەی ئاراراتی پیرمام هەموو کات پێشەنگ بووە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانانی کورد لە یارییە جۆراجۆرەکان، یاریی پاسکیلسواری-یش یەکێکە لەو یارییانەی کە یانەکە گرنگی باشی پێدەدات و خاوەن چەندین کچە یاریزانن کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات. هەلالە فەیسەڵ یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یاریی پاسکیلسوارییە لە یانەی ئارارات و لە یاریی فوتساڵیش بۆ یانەکانی سۆران و زانکۆی سۆران یاری دەکات. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی گوندی هەسانە لە دەڤەری قەزای سۆران و خاوەن ئەنجامی شایستەیە لە خولەکاندا لە پاڵەوانێتییەکانی ڕابردوودا لە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە، ئێستاش قوتابی زانکۆیە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی و ئێمە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو رووت لە یاریی پاسکیلسواری کرد؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەزم لەم یارییە بووە و زانیومە زوو فێری ئەم یارییە دەبم، یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوە بوو کە ببمە یاریزانی پاسکیلسواری، حەزەکەشم هاتەدی.

*** ئاستی یاریی پاسکیلسواری لە کوردستان چۆن دەبینیی؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت لە هەندێك شوێنی کوردستان زۆر باشە و لە هەندێك ناوچەی دیکەش ئاستی ئەم یارییە وەکو پێویست نییە، بەڵام ئەوەندە گرنگیی پێ نەدراوە وەکو یارییەکانی دیکە.

*** بە بۆچوونی تۆ بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت باشە؟**

-پەرەپێدانی یاریی پاسکیلسواری لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان گرنگە، نەك تەنیا پارێزگاکان، واتە پێویستە شار و شارۆچکەکانیش بگرێتەوە و گرنگیی پێی بدرێت بە هەردوو ڕەگەزەکانی بەتایبەت ئاستی کچان، هەوڵدانی بەردەوام بۆ هاندانی وەرزشکاران بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بکەن، ئەگەر بکرێت کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لەسەرجەم شارەکانی کوردستان ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشەکە زیاتر بەرز ببێتەوە.

*** وەکو کچە یاریزانێك ئایا تاکو ئێستا لەم یارییە هیچ گرفتێکت بۆ درووست نەبووە؟**

-بەڵێ بێگومان زۆر گرفت تووشمان بووە، بۆ نموونە ئەندامانی ماڵەوە، یان خوێندن، یان رێگای دوور و دوورکەوتنەوە لە خوێندنی زانکۆ، ئەوانە هەمووی گرفت بوون بۆ من.

*** بە چ یاریزانێکی پاسکیلسواری سەرسامی؟**

- نیان یاسین کچە یاریزانی شاری سلێمانی و هەڵبژاردەی پێشووی عێراق کە ئاستێکی زۆر بەرزی هەبوو لە یاریی پاسکیلسواری و هەمیشە دەمەوێ لەم یاریزانە بچم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس لەم یارییە چییە؟**

- تاکو گرنگیی زیاتر بە وەرزشی ئافرەتان بدرێت کەمە، بۆیە پێوستە لەسەر بەرپرسانی وەرزشی کە گرنگیی زیاتر بە تواناکانی ئافرەتان بدەن لەسەرجەم یارییەکان.

*** لە هەڵبژاردەی پاسکیلسواری عێراقی داواکراوی؟**

-تاکو ئێستا نەخێر، بەڵام هەوڵدەدەم لە داهاتوو گەشەی زیاتر بکەم.

*** کێشە و گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چی دەبینی؟**

- لە نەبوونی شوێنی تایبەت لە پاسکیلسواری و پەرەپێنەدانی یاریزانانی پاسیکلسواری و کەمیی پشتگیریی، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش نەکەوێت.

*** تۆ قوتابی زانکۆیت خوێندن تاچەند دەبێتە رێگر لە خوێندنت؟**

- خوێندن زۆر بۆتە رێگر، چونکە من تا درەنگ هەر لە زانکۆم، لەلایەکی تریش دادەبڕێم لە خوێندن گرنگیی پێ نەدانم بە وانەکان ماندووبوونم لە زانکۆ بۆیە تاڕادەیەك خوێندن بۆتە بەربەستم لە گشت یارییە وەرزشییەکان.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك لە یاریی پاسکیلسواری چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم لە داهاتوو بتوانم ببمە باشترین یاریزانی یارییەکانی هەردوو یاری پاسکیلسواری و یاریی فوتساڵ یاخود ڕاهێنەرێکی باشی ئەم یارییە بم.

*** حەز دەکەی هەڵبژاردەی پاسکیلسواری کوردستان دروست بێت تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-بەڵێ بە دڵنیاییەوە حەز دەکەم هەڵبژاردەی پاسکیلسواری کوردستان دابمەزرێت و بتوانین بەشداری بکەین لەخولە نێو دەوڵەتییەکان و ناوی کوردستانیش بەرز بکەینەوە .

*** بۆ ئایندەی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بەرنامەیەکی ئەوتۆم نییە، چونکە ئێستا قەیرانی داراییە و یارییەکان تا ڕادەیەك ئەنجام نادرێن، بەڵام بەردەوامیم لە مەشقکردن بۆ ئەوەیە هەموو کات ئامادەبم بۆ یارییەکان.

*** یانەکەتان تاچەند هاوکارتانە؟**

-زۆر باشن و دەستخۆشییان لێ دەکەم کە ئەوان بەردەوام هاوکاری ئێمەن بۆ زیاتر بەرەودان بە ئاستی وەرزشی خۆمان.

*** ئاستی وەرزشیی لە دەڤەرەکەتان چۆن دەبینی؟**

- زۆر خراپە و هیچ گرنگیی پێ نەدراوە، بەتایبەت بۆ ئافرەتان بە گشت یارییەکانەوە، ئەگەر پەرە بە تواناکانی کچە یاریزانانی دەڤەری سۆران بدرێت، یاریزانی زۆر باشمان هەیە کە بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشتکراون، بەڵام بەداخەوە لە دەڤەری سۆران گرنگیی پێویستی پێی نەدراوە.

*** تۆ یاریزانی فوتساڵ و گۆڕەپان و مەیدان و پاسکیلسواری لەکامیان سەرکەوتوویت؟**

- سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوەی بەشداریم کردبێت تێدا سەرکەوتووبووم و ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە، بەڵام یاریی فوتساڵ زیاتر گرنگیی پێی دەدەم چونکە سەرکەوتنی باشترم بەدەستهێناوە .

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایی؟**

-هیوادارم گرنگیی زیاتر بە وەرزش بدرێت لە دەڤەری سۆران و بەتایبەت وەرزشی ئافرەتان، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەین کە بەردەوامە لە خزمەتکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.





## یۆڤانتس بۆ بەرشلۆنە :
# دیبالا و پۆگبا بۆ فرۆشتن نین

دوای ئـەوەی راپۆرتـە هەواڵـەکان ئاماژەیـان بـەوەداوە کە یانەی بەرشـلۆنە هەوڵـی کڕینەوەی هـەردوو یاریزانـی یانـەی یۆڤانتس پاولۆ دیبالا و پۆل پۆگبا دەدات بەڕێوەبەری یانەی یۆڤانتس لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کەهەردوو یاریزانی ناوبراو بۆ فرۆشتن نین .

پیپی مارۆتا بەڕێوەبەری یانەی یۆڤانتس لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فوتبۆل ئیتالیا رایگەیاند یانەی یۆڤانتس دەستـبەرداری ئەستـێرەکانی نابێت، چونکە یانەی خانمە پیرەکە هەوڵی ئەوە دەدات باشـترین پێکهاتـە کۆبکاتـەوە، دەربـارەی دیبـالا مارۆتـا گوتی : مۆرکردنی گرێبەست لەگـەڵ دیبالا سەرکێشـیەکی گـەورە بـوو بـۆ یانەکەمـان بـەڵام گرێبەستـەکە سـەرکەوتوو بـوو، ئێمـە بـاش دەزانین کـە دیبالا یاریزانێکی لێهاتووە و داهاتووەکی پڕشـنگداری هەیە بۆیە ئەم یاریزانە داهاتووی یانەی یۆڤانتسـە و هێشـتا زۆری لەهەگبەدایە پێشکەشی بکات .

دەربـارەی یاریـزان پـۆل پۆگبـا مارۆتا گوتی : پۆگبا یاریزانێکـی گەورەیە و دەتوانێ زۆر زیاتر خزمەتی یانەی یۆڤانتس بکات لەوانەیە ئاستی هاتبێتە خوارەوە بەڵام هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە ئاستی راستەقینەی خۆی .

هەروەها مارۆتا لە کۆتایی لێدوانەکەی گوتی : ئێمە دەمانەوێ یۆڤانتس بەهێزبکەین و ئامادەنین دەستبەرداری یاریزانەکانمان بین هەربۆیە رازی نەبووین هەردوو یاریزان زازا و رۆجانی بفرۆشین لە گواستنەوەی زستانەدا.

# مانچستەر یونایتدیش ئۆبامیانگی دەوێت



هێرشبەر و ئەستێرەی یانەی برۆسیا دۆرتمۆندی ئەلمانی پییێر ئیمیریك ئۆبامیانگ بەردەوامە لـە پێشکەشـکردنی ئاسـتە بەرزەکانـی لـە بۆندسـلیگا ئـەوەش بۆتـە هـۆکاری ئـەوەی یانـە گەورەکانـی ئەوروپـا هەوڵـی پەلکێشـکردنی ئـەم یاریزانـە دەدەن، یانـەی مانچسـتەر یونایتدی ئینگلیزی خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بۆندێکی گرانبەها پێشکەش بەیانەی دۆرتمۆند بکات بۆ کڕینەوەی ئۆبامیانگ.

رۆژنامەی میرۆری بەریتانی رایگەیاند کە یاریزان ئۆبامیانگ ئامانجی ژمـارە یەکـە بـۆ یانەی مانچسـتەر یونایتد لە گواسـتنەوەی هاوینەی داهاتوو بۆ ئەم مەبەسـتەش یانەی شـەیتانە سوورەکان بڕی ٥٠ ملیۆن پاوەندی تەرخانکردووە بۆ هێنانی ئەم یاریزانە بۆ یاریگای ئۆلد ترافۆلـد لەگـەڵ مووچەیەکـی هەفتانـە کـە دەگاتـە ٢٠٠ هەزار پاوەند.

یانـەی مانچسـتەر یونایتـد بـە نیـازە گۆڕانـکاری لـە پێکهاتەکـەی بـکات بـە تایبەتـی لـە ئەگـەری هاتنـی راهێنـەری پورتوگالـی جـوزی مۆرینهـۆ بۆیە ئۆبامیانـگ یەکێکە لە ئامانجـە سـەرەکیەکانی کارگێڕانـی ئـەم یانەیـە بـۆ بەهێزکردنـی هێڵـی هێرشبردنی یانە مانچستەر یونایتد.

جێگای ئامـاژە پێکردنـە هەریەك لە یانەکانی ئەرسـنال و بەرشـلۆنە و چەندیـن یانـەی دیکە بایـەخ بە تواناکانی یاریزانـە گابۆنیەکەی یانەی بروسیا دۆرتمۆند ئۆبامیانگ دەدەن.

# هازارد هۆکاری دابەزینی ئاستی یانەی چێڵسی ئاشکرا دەکات

ئەستێرەی یانەی چێڵسی ئەدین هازارد هۆکاری دابەزینی ئاستی یانەی چێلسی لە وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦ ئاشکرا دەکات و پێی وایە هۆکارەکە بۆ بیرکردنەوەی یاریزانەکان دەگەڕێتەوە، یانەی چێلسی لەم وەرزدا ئاستێکی ناجێگیری پێشکەش کرد تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە راهێنەری پورتوگالی جۆزێ مۆرینهۆ لە پۆستەکەی دوور بخرێتەوە و راهێنەری هۆڵەندی گۆس هیدینگ شوێنی بگرێتەوە .

هازارد لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی لۆپاریسیانی فەرەنسی گوتی : لە راستیدا یانەی چێڵسی لەم وەرزەدا بە ئاستێکی نزم بەدیار کەوت بە بەراوردکردن لەگەڵ وەرزی رابردوو کە نازناوی پریمەرلیگمان بردەوە، بە بۆچوونی من هۆکارەکەی بۆ جۆری بیرکردنەوەی یاریزانەکان دەگەڕێتەوە .

هازارد لەمبارەیەوە گوتی: لەکۆتایی وەرزی رابردوو دوای ئەوەی نازناوەکەمان بەدەست هێنا زۆر خۆشحاڵ بووین و تام و چێژمان لەم سەرکەوتنە وەرگرت ئەوەش ئاسودەییەکی زۆری بۆ دروست کردین، وامان بیرکردەوە کە لەم وەرزەشدا بەئاسانی یارییەکان دەبینەوە بەڵام بیرکردنەوەکەمان هەڵە بوو ئەنجامەکانیش بەدڵی ئێمە نەبوو هەربۆیە ئاستی تیپەکە هاتە خوارەوە .

هازارد ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە رکابەرانی یانەی بلۆز کاتێك بەرامبەرمان یاری دەکەن هەوڵی ئەوە دەدەن سەرکەوتن تۆمار بکەن هەربۆیە یارییەکان بۆ ئێمە زەحمەتتر دەبن .





# کەرکووک پاسکیل سواری عێراق لە باوەش دەگرێت

بەمەبەستی زیاتر گرنگیی دان بە یارییەکانی پاسکیل سواری لەسەر ئاستی عێراق و بەرەو پێشبردنی ئاستی یارییەکە و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی یەکێتی ناوەندی پاسکیل سواری عێراقی پاڵەوانێتی پاسکیلسواری یانەکانی عێراقی بۆ هەردوو ناوچەی ناوەڕاست و باشور و باکوری عێراق بەڕێوە دەبات، لەم بارەشەوە مەحمود عەزیز سەرۆکی یەکێتی ناوەندی پاسکیلسواری عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد گوتی: ئێمە وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان بە ئامانجی زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستی یاری پاسکیلسواری لە شارەکانی عێراق و خزمەتکردنی یاریزانانی کوڕو کچی یانەکانی شارەکانی عێراق ئێمە پاڵەوانێتیی پاسکیلسواری یانەکانی عێراق ئەنجام دەدەین، بۆ یانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقی لە ٢٤ی ئەم مانگە لە شاری دیوانیەی باشوری عێراق و بۆ یانەکانی باکوری عێراق و کۆمەڵەی کوردستان لە سەرەتای مانگی داهاتوو لە شاری کەرکووك بەڕێوەی دەبەین، مەبەستمان لە کردنەوەی پاڵەوانیتیەکان درێژەدانمان بە بەرز کردنەوەی ئاستی یاری پاسکیلسواری و دەستنیشان کردنی یاریزانانە بۆ هەڵبژاردەی عێراق بۆ پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە بەردەوامیش دەبین بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بە یاری پاسکیلسواری بکەین لەسەرتاسەری عێراق، چونکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانانی بەتواناین لەسەر ئاستی عێراق.

# هەولێر چاوی لە قوناغی دووەمە

لەگەڵ ئەوەی یانەی هەولێر ئەمساڵ بە ژمارەیەك یاریزانانی شارەکەی بەشداری کێبڕکێ وەرزی ئەمساڵ خولی نایابی فۆکسی یانەکانی عێراقی کردوە تاڕادەیەکیش ئەنجامەکانی وەکو پێویست بووە، بەڵام لە قۆناغی دووەمی خولەکە ئاستی تیپەکە تاڕادەیەك وەکو پێیوست نەبووە لە یارییەکان بۆیە لە ئێستادا یانەی هەولێر تەنیا سێ یاری ماوە لەبەرامبەر هەریەك لە یانەکانی نەجەف و جەوییە لە هەولێر و زاخۆش لە شاری زاخۆیە بۆیە بەبەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم سێ یارییە هەولێر دەگاتە قۆناغی داهاتووی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لەبارەی ئامانجی یانەی هەولێر لە یارییەکانی داهاتوو کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە وەکو یانەی وەرزشیی هەولێر متمانەمان بە خۆمان هەیە کە بتوانین لەم سێ یارییەی داهاتوومان ئاستی شایستە پێشکەش بکەین و خۆمان یەك لای بکەینەوە بۆ ئەویە بگەینە قۆناغی داهاتوو، چونکە یانەکانی پێشەوە هەموومان لە کێبرکێ داین و ژمارەی خاڵەکانمان لەیەکتر نزیکە، چوار شەممە لەگەڵ نەجەف لەسەر یاریگای خۆمان یاریمان هەیە و دواتر لەگەڵ جەوییە هەر لە یاریگای خۆمان و زاخۆش لە دەرەوەیە بۆیە بە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم سێ یارییە دەگەینە قۆناغی داهاتوو، لە بارەی گرفتەکانیشی ناوبراو گوتیشی: وەکو یانەی هەولێر هیچ گرفتێکمان نییە، چونکە دەستەی کارگێڕی یانەکەمان هەموو پێداویستیەکانیان دابین کردووە بە مووچەی یاریزانانیشەوە، بۆیە تاکە ئومێدی ئێمە وەکو دەستەی ڕاهێنەران ئەوەیە کە بتوانین یانەکەمان بگەینە قۆناغی داهاتوو و دڵی هاندەرانی تیپەکەشمان خۆش بکەین.

